

# سپیکەرێکی پۆرتێبڵ وزەیەکی زۆر لەخۆیدا رادەگرێ

سپیکەر ئەگەرچی لە جیهانی دیجیتالی نوێدا کەوتونەتە پەراوێزەوە، بەڵام گرنگی ئەم ئامێرە کاتێک دەردەکەوێت کە لە سەیران و گەشتدای و نیازت هەیە لە گۆرانی و ئاوازێکی سەر مۆبایلەکەت گوێ بگری و گشت ئەوانەی لەگەڵتدان لێی سوودمەند بن، یان ئەوکاتەی لە خولێک، یان وانەیەک نیازت هەیە فایلێکی دەنگی بۆ ئەوانە لێبدەی و دانیشتووانی شوێنەکە گشتیان لێی سوودمەند بن.

سپیکەری بلوتوسی پورتێبڵ یەکێکن لەو ئامێرانەی کە هەڵگرتنیان ئاسانە و ئاستی بەرزی دەنگیشیان باشە، جگە لەوەش وایەریشی لەگەڵ نییە، بەڵکو لە ڕێگەی بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکان لە پەیوەندی دادەبن، سپیکەری جۆری beoplayA2 یەکێکە لەم سپیکەرانە چونکە کۆمپانیای بەرهەمهێنی رایدەگەیەنێت کە تا 24 کاتژمێر پێویست بە شەحنکردنەوەی دووبارەی ناکاتەوە. سپیکەرەکە خاوەنی سێ ڕەنگی ڕەساسی، سەوزو ڕەشە. کێشی سپیکەرەکە زۆر نییە. هێزی بەرزی دەنگی 55 هێرتز تا 24 کیلۆهێرتزە.




# نوێترین خزمەتگوزاری گرنگ لە گوگڵەوە

گوگڵ، کۆمپانیا مەزنەکەی داینەمۆ و بە دواداگەڕانی ئینتەرنێت، لەم رۆژانەدا نیازی هەیە گۆڕانکارییەکی نوێ و بەرچاو لە ئیمێلەکەیدا واتە (جیمێل) پێکبێنێ، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامێکی نوێی بەناوی inbox داهێناوە کە ئەم ئەپلکەیشنە خزمەتگوزاری بەرچاو لەخۆی دەگرێت، هەرچەندە گوگل بە تەما نییە ئەم خزمەتگوزارییە شوێنگرەوەی gmail بێت بەڵکو نیازی هەیە خزمەتگوزارییەکی سەربەخۆ بێت.

خزمەتگوزارییەکە بەم شێوەیە، تایبەتمەندی bundlies هەیە کە لەم خزمەتگوزارییەدا ئیمێلە وێکچووەکان پێکەوە ریزبەندی دەکرێن و فۆڵدەری تایبەتیان بۆ دادەنرێ، بۆ نموونە گشت ئەو پەیامانەی تایبەتن بە بانك و حیسابە ئیدارییەکان دەخرێنە فۆڵدەرێکەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی تێدایە بەناوی highlights کە ئیمێلە گرنگەکان دەخاتە ریزی سەرەوە، بۆ نموونە پرۆگرامەکانی تایبەت بە گەشتوگەڕان و سەفەر بە فڕۆکە، وێنەی هاوڕێیان، رووداو و بۆنەکان لەم ریزەدان، هەروەها زانیارییە گرنگەکان لە وێبدا کۆدەکاتەوە و لەم بەشەدا نیشان دەدرێن. خزمەتگوزارییەکی دیکەی inbox تایبەتمەندی reminders ە کە لەودا پەیامەکانی بیرخەرەوە رێکدەخرێن و بە زەنگ لێدانێك خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە.




# کرۆم کۆستی گوگڵ رکابەرێکی جددی بۆ پەیدا بوو

کرۆم کۆست یان فایر تیڤی یان ئامێری هاوشێوەی ئەوانە چین و چ سوودێکیان هەیە، پێشتریش لەسەر بەشێك لەوانە زانیاری لەم فایلی ئایتیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بۆ بیرهێنانەوەی زیاتر، ئەو ئامێرانە قەوارەیان بە قەد فلاش میمۆرییەك دەبێت و دەخرێنە شوێنی USB تەلەڤزیۆن کە زۆربەی تەلەڤزیۆنەکانی ئەم سەردەمە ئەم شوێنەیان هەیە، دوای ئەوە پەیوەندییەکی وای —فای لەنێوان مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکە دا چێ دەبێت بەهۆی ئەوەوە دەتوانی فیلم، وێنە و گۆرانی و تەنانەت سایتی یۆتیبیش لەسەر تەلەڤزیۆنەکەت بە کوالێتی بەرزتر ببینی، ئەم ئامێرە ئەوکاتانە زۆر گونجاوە کە نیازت هەیە فیلمێکی سەر مۆبایلەکەت بە هەموو ئەندامانی ماڵەوە نیشان بدەی ئیدی پێویست ناکات مۆبایلەکە دەستاودەست بگێڕێ، بگرە لە رێگەی ئەو جۆرە ئامێرانە راستەوخۆ فیلمەکە لەسەر تەلەڤزیۆن ببینە.

لەم رۆژانەدا کۆمپانیای ئامازۆن کە زۆرترین چالاکی لە بواری بەرهەمهێنانی کتێبخوێنی دیجیتالییە، بەڵام لەم دواییانەدا ئامێری fire-TV-stick بەرهەم هێناوە، کە رکابەری لەگەڵ کرۆم کۆستی گوگڵ دەکات. جگە لە نیشاندانی فیلم و ڤیدیۆیەکانی سەر مۆبایل تۆڕی ڤیدیۆیی ئامازۆنیش دەکاتەوە. رامی ئامێری ناوبراو یەك گێگابایتە، میمۆری ناوخۆیی 8 گیگابایت و دوو سیستەمی وای-فای لەسەرە.

# گەسکی کارەبایی زیرەک چاودێری پاقژیی ماڵەوە دەکات



گەسکی کارەبایی توانیویەتی حەسانەوەیەکی باش بە خانمی ماڵەوە ببەخشێت و لەگەڵ ئەوەشدا پاقژی و خاوێنییەکەیشی لەگەڵ گەسکی دەست بەراورد ناکرێت، ئەدی ئەگەر گەسکەکە هۆشمەند بێت و بەبێ هیچ فەرمانێك، یان بەدەستەوە گرتنێك خۆی هەموو ژوورەکان خاوێن بکاتەوە دەبێ چۆن بێت؟!

کۆمپانیایەك گەسکێکی کارەبایی بەناوی DYSHON 360 EYE بەرهەم هێناوە کە بە چاوە ئەلکترۆنییەکان هەست بە پیسی و خاوێنی ژوورەکان دەکات، مۆبڵ و قەنەفەکان دەناسێت، کامێرایەکی لەگەڵدایە دەتوانێت لە دوورەوە شوێنە پیسەکان ببینێت، گەسکەکە ئەگەر هەستی بەوە کرد کە شەحنەکەی دابەزیوە خۆی دەچێتە شوێنی شەحنکردنەوە و خۆی شەحن دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید و IOSیش دەگونجێت، بەهۆی پرۆگرامێك کە دەخرێتە سەر مۆبایل دەکرێت بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی بکەی. کۆمپانیای بەرهەمهێنی گەسکە کارەباییەکە رایدەگەیەنێت کە ئەندازیارانی گەسکی کارەبایی ناوبراو 16 ساڵ بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە هەوڵیانداوە.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، من کێشەیەکم لەگەڵ فلاش میمۆری و کارت میمۆری هەیە کاتێك فلاش میمۆرییەکەم دەخەمە سەر کۆمپیوتەر فایلێکی دیکەی هەر بەو ناوە تێدایە ئایکۆنەکەی وەك درایڤ دەچێت، لەبری ئەوەی بابەتەکانی ناوی نیشان بدات دەبێ جارێکی دیکەش کلیکی لەسەر بکەم گرفتەکە چییە، باوەڕ بکەن بە ئەنتی ڤایرۆس سکانیشم کردووە کەچی هەروایە چارە چییە؟

خوێنەری بەڕێز، بێگومان و بە دڵنیاییەوە فلاش میمۆری یان کارت میمۆرییەکەت ڤایرۆس لێیداوە، نەك تەنیا ئەو بەڵکو لە خودی کۆمپیوتەرەکەتەوە ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە، کەوایە کۆمپیوتەرەکەت ڤایرۆساوییە، بۆ ئەم مەبەستە لە پێشدا ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز لە کۆمپیوتەرەکەت بدە، دواتر فلاش میمۆری یان کارت میمۆرییەکەت یان فۆرماتی بکەوە، یان بە ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز لە کۆمپیوتەرێکی دیکە سکانی بکە..



# گلۆپێکی سمارت ڕێگا لە دزی دەگرێت!

ڕەنگە مانشێتەکەی سەرەوە سەرنجڕاکێش بێت، گلۆپێك چۆن دەتوانێت گرفت بۆ دز چێ بکات، بەڵام گلۆپی BeOn گرفت بۆ ئەوانەی کە خاوەنی ماڵ نین و بەدزی هاتوونەە ماڵەکە دروست دەکات. بۆ نموونە کاتێك خاوەن ماڵ لەماڵ نییە و یەکێك بێتە ماڵەوە، ڕووناکی ماڵەوە وەك ئەو کاتە لێدەکات کە خاوەن ماڵ لە ماڵێیە، تەنانەت بە بیستنی دەنگی زەنگ هەڵدەبێت، هەتا ئەوانەی بەنیازی دیکە دێنە ماڵەوە بزانن کەسێك لە ماڵەوەیە. گلۆپی هۆشمەندی ناوبراو ڕاست گلۆپی ئاسایی دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە بلوتوسی هەیە و مایکرۆفۆنێکیشی تێدایە بۆ بیستنی زەنگی دەرگا، سیستمی گلۆپەکان شەحن دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر کارەباش بکوژێتەوە ئەو گلۆپە ناکوژێتەوە.

# کۆمپیوتەرێکی سەرنجڕاکێش بێ کیبۆرد و ماوس



کۆمپانیـــای مەزنی مایکرۆســۆفت چەندین ســاڵە تاقیکردنەوە لەســەر داتاشــۆ (پرۆجیکتــۆر) دەکات، بــۆ ئەوەی کە شــوێنی کیبۆرد و ماوســی کۆمپیوتەر بگرێتەوە، تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی، بەڵام کۆمپانیـــای HP لەم ڕۆژانـــەدا کۆمپیوتەرێکی بەرهەم هێناوە کە داتاشــۆی هەیە و لەبری ماوس تاج پەدێکی لەمسی هەندێك گەورەی بۆ داندراوە، ناوی کۆمپیوتەرەکە sproutە. لــەم کۆمپیوتەرەدا هەوڵــدراوە کیبۆرد و ماوس نەمێنێت. شاشەی کۆمپیوتەرەکە 23 ئینجە، لە خوارەوەی کۆمپیوتەری سەرمێزی ســپرۆت تاج پەدێکی لەمسی داندراوە. داتاشۆ واتە (پرۆژکتۆرە)ەکە لەسەرەوە داندراوە و کامێرای جۆری Realsense 3D ئەنتەلی لەسەرە لەگەڵ کامێرایەکی 16 مێگاپیکســـل، هەروەها داتاشۆی جۆری DLP. سیســـتەمی ویندۆز و چەندین پرۆگرامی تایبەت بە کۆمپیوتەرەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکەن. ئەم کۆمپیوتەرە زیاتــر بۆ کاری گرافیك و دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامە و هەروەها کاری ســتۆدیۆی فیلم هەڵگرتنەوە و مونتاجی فیلم گونجاوە.

## سایتێک بۆ باشکردنی کوالیتی دەنگ

گەلێــك جــاران کە گوێ لە گۆرانییــەك یان فایلێکی دەنگــی دەگریــن، دەبینین کوالیتیەکەی زۆر لە خوارێیە، پرۆگرامگەلێکــی زۆر هەن کە ئەرکیــان باشــترکردنی کوالیتی دەنگە، ڕەنگە هەموو جارێك و لە هەموو شــوێنێك ئــەم پرۆگرامانــە نەبن. بۆ ئەم مەبەســتە دەتوانن ســەر لە ســایتی mp3louder بدەن. لەم سایتەدا دەتونان کوالیتی دەنگــی فایلەکانــی MP3 ببەنە ســەرێ. پێویستە لە سەرەتادا فایلە دەنگییەکە بــە فۆرماتــی MP3 لــە کۆمپیوتەرەکەت هەڵبژێری و پاشان Upoloadی بکەی. پاش چەند خولەکێك فایلێکــی دەنگــی بــە کوالیتیەکی باش وەربگرە.




## بچووکترین ڕۆتێری وایەرلەیس

"ڕۆتێــر" ماوەیەکی زۆر نییە لە بازنەی تەکنەلۆژیای ســەردەمدا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆتێر ئەو ئامێرەیە بۆ گواستنەوەی هێڵی ئەنتەرنێت بە شــێوەی وایەرلەیسە لەنێوان چەند ئامێردا. ڕۆتێرە نوێیەکە بەنــاوی TL-WR702Nـە. لەریزی ئامێرە بچووکــەکان دێت. بۆ ئەو ئەو کەســانە دەگونجێت کە هەمیشــە لە گەشت و گەڕاندانە. ڕۆتێرەکە قەوارەکەی 6 لە 6 دایە، و بارستاییەکەی تەنیا 18 ملمە. گشت ئەو توانایەشی هەیە کە لە ڕۆتێرێکی بە قەوارەی مەزندا هەیە. ئەم ئامێرە بچووکە، وەك ئامێرێکی ئەکســیس پوینت، ڕۆتێر، کلاینت سوودی لێوەردەگیرێ. هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی تایبەتن بە سیســـتەمی وایەرلەیسی گواستنەوەی ئینتەرنێت لەم ڕۆتێرە بچووکەدا هەیە.